# ئادابی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ نامسوڵماندا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

# ﴿ آداب تعامل المسلم مع غير المسلم ﴾

« باللغة الكردية »

ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئادابی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ نامسوڵماندا

ئایینی پیرۆزی ئیسلام مافی کەسانی نامسوڵمانی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا پاراستوە ، بەشێوازێك ئەمن و ئاسایشی بۆ فەراهەم کردوون و رێز و حورمەتی بۆ داناون، چونکە ئیسلام مایەی سۆزو بەزەییە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و ، پێغەمبەری ئیسلامیش مایەی رەحمەت و بەزەییە بەگشتی بە مسوڵمان و خاوەن کتێبەکان و بێباوەران وسەرجەم زیندەوەران {وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ} الأنبياء/١٠٧.

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە کۆمەڵێك لەو ماف و مامەڵانە دەکەین کە پێویستە بەرامبەر کەسانێك کە مسوڵمان نین رەچاو بکرێن.

**یەکەم/ بەزۆرە ملی نەکرێن بە مسوڵمان:**

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: {لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ} البقرة/٢٥٦. واتە: فشار و زۆر بەکارمەهێنن بۆ ئەوەی کەسێك بێتە نێو بازنەی ئیسلامەوە، ئایینی ئیسلام ئایینێکی روون و ئاشکرا و خاوەن بەڵگەیە، پێویستی بەوە نیە بەزۆر کەسێك بێتە نێو بازنەیەوە. بەڵکو هەرکەس خوای گەورە رێنوێنی کرد بۆنێو بازنەی ئیسلام و سینگ و دڵی کردەوەو بەرچاوی روون بوەوەو، بەبەرچاورۆوونی هاتە ناو بازنەی ئیسلامەوە، ئەوەش کە خوا دڵ و دەروونی کوێرکرد و مۆری بەسەر گوێ و چاوو دڵیداهانی، بەزۆر هاتنە ناو ئایینی ئیسلام هیچ سودی پێ ناگەیەنێت.بەڵام ئاینی ئیسلامیان بۆ رون دەکرێتەوەو ئازادن لەوەی مسوڵمان بن یان نا.

**دووەم/ چاکەکردن لەگەڵیاندا:**

پێویستە مسوڵمانان بەچاکی و دروستی مامەڵە لەگەڵ غەیری خۆیاندا بکەن، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: {لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ

{الْمُقْسِطِينَ} الممتحنة/ ٨ . واتە: خوا ڕێتان لێ ناگرێ لەگەڵ ئەوانەی کە جەنگیان لەگەڵ نەکردون لەسەر ئەم دینەو، دەریان نەکردون لە جێگەو شوێنەکانتان، کە چاکەیان لەگەڵ بکەن و دادیان لەگەڵ بنوێنن، بەراستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێ کە دادگەرن.

چاکەکردن لەگەڵیاندا چەندین بوار لەخۆ دەگرێت، وەك جێبەجێ کردنی سیلەی رەحم و بەجێهێنانی مافی دراوسێیەتی وهاوکاری و یارمەتی دانی لەکاتی پێویستیدا و...هتد.

ئەوانەی کە دیاری کراون چاکەیان لەگەڵدا بکرێت لە نامسوڵمانەکان، سەرەتا بریتین لە دایك و باوك و خزم و کەسوکار، بەپێی ریزبەندی نزیکی.

(ابن العربی) دەڵێت: کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی بەجێهێنانی سیلەی رەحم واجبەو پچراندنیشی حەرامە.

لەبەر گرنگی و جەخت کردنەوە لەسەر سیلەی رەحم، تەنانەت بەجێهێنانی لەگەڵ بێباوەڕانیشدا کارێکی دروست و خوازراوە. دەکرێت بڵێین بەجێ هێنانی سیلەی رەحم گرنگترین بواری چاکەکردنە لەگەڵ کەسانی نامسوڵماندا.

عن أسماء رضي الله عنها قالت: قدمت علي أمي وهي مشركة ، في عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم ، فاستفتيت رسول الله صلى الله عليه وسلم ، قلت : إن أمي قدمت وهي راغبة ، أفأصل أمي ؟ قال : ( نعم ، صلي أمك) رواه البخاری ومسلم.

بە واتای: ئەسما (خوای لێ رازی بێت) وتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا )صلی الله علیه وسلم )، دایکم سەردانی کردم، لەکاتێکدا بێباوەڕ بوو، پرسیارم لە پێغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) کرد، وتم: دایکم هاتووە بۆ لام و حەز بە دیدەنیم دەکات، ئایا بچم بۆ لای؟ فەرمووی :بەڵێ، بچۆ بۆ لای .

**سێیەم/ ستەم لێنەکردنیان:**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام قەدەغەی کردوە کە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا زوڵم و ستەم لە خاوەن کتێبەکان بکرێت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى}المائدة/ ٨. واتە: با رق و کینەتان لە دەستەو کۆمەڵێك هانتان نەدا لەسەر ئەوەی راست نەرۆن و دادگەرنە بن، دادگەربن ئەوە نزیکترە لە پارێزگاریەوە.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێویستی کردوە لەسەر مسوڵمانان کە خوێن و ماڵ و ناموس و پەرستگایان بپارێزن و لە هەموو دەستدرێژی و زوڵم و ستەمێکیش بەرگرییان لێبکەن.

هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: {إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ} النحل/ ٩٠.

بەواتای : بەراستی خوا فەرمان دەدات بە دادگەری و بە چاکە و بەبەخشین بە خزم و کەسوکار ، وە خوا بەرگری دەکات لە داوێن پیسی وخراپەو دەستدرێژی .

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (من قتل معاهدا لم يرح رائحة الجنة، وإن ريحها ليوجد من مسيرة اربعين عاما) رواه البخاری .واته: هەرکەسێك خاوەن بەڵێنێك بکوژێت، بۆنی بەهەشت ناکات، هەرچەندە بۆنی بەهەشت دەگاتە چل ساڵە رێ .

هەروەها فەرمویەتی: (من ظلم معاهدا ان انتقصه حقا أو كلفه فوق طاقته، أو أخذ منه شيئاً بغير طيب نفسٍ منه، فأنا حجيجه يوم القيامة). رواه أبو داود وقال ابن حجر حديث حسن. واته: هەر کەسێك ستەم لە خاوەن بەڵێنێك بکات، یان مافێکی کەم کاتەوە ، یان لە سەرووی توانای خۆی داوای لێ بکات، یان شتێکی لێ وەرگرێت بەبێ رەزامەندی خۆی، ئەوا من بەرگریکارم لە دژی لە رۆژی دواییدا.

ئەمەو پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) ئاگادارمان دەکاتەوە لە ستەم نەکردن گەر ستەملێکراو بێباوەڕیش بێت هەروەك فەرمویەتی : ( اتقوا دعوة المظلوم وان كان كافرا ، فانه ليس دونها حجاب ) حسن .رواه احمد ، وحسنه الالبانى رحمه الله .واته: خۆتان بپارێزن لە نزاو دوعای ستەم لێکراو هەرچەندە بێباوەڕیش بێت ، چونکە هیچ پەردەیەك نیە لە نێواندا.

## چوارەم/ وەفا بە وادەو بەڵێنەکان:

ئاینی پیرۆزی ئیسلام پابەند بوون بەوادەو بەڵێن و پەیمانانمەکانەوە بە کارێکی پێویست و خوازراو لە قەڵەم دەدات و چەندین دەق لە قورئان و فەرمودە گەواهی ئەم راستیەن ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: {وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولًا} الاسراء/ ٣٤ .واته : وەفاداربن بەرامبەر بەڵێن و پەیمانەکانتان ، بەراستی خاوەن بەڵێن و پەیمان پرسیارلێکراوە.

ئەمەو یەکێك لە سیفاتی بەندە برواداەکان پاراستنی ئەمانەت و وادەو بەڵێنەکانە {وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ} المؤمنون/ ٨.

هەروەها شكاندنی وادەو بەڵێن مایەی تورەیی و خەشم و نەفرەتی خودایە هەروەك فەرمویەتی: {وَالَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُولَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ} الرعد/ ٢٥. واتە : ئەوانەی پەیمانی خوا هەڵدەوشێننەوە لە پاش بەستن و گرێدانی ، ئەوەی خوا فەرمانی پێكردووە دەیپچرن ، هەر بۆ ئەوانە نەفرین و دوری لە بەزەیی خوا ، هەروەها بۆ ئەوانە سەرەنجامی خراپ.

پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (من كان بينه وبين قوم عهدٍ فلا يشد عقدة ولا يحلها حتى ينقضي أمدها أو ينبذ إليهم على سواء) اخرجه ابوداود والترمذی. بە واتای: هەركەس لەگەڵ كۆمەڵێكدا پەیمان و بەڵێنی هەبوو، ئەو گرێبەستە نە توند بكا و نە كۆتایی پێ بێنێت، تا ماوەی گرێبەستەكە بەسەر دەچێت ، یان پێكەوە كۆتایی پێ دێنن.

ئەمەو پەیوەندی نێوان مسوڵمانان و ئەوانی تردا لەسەر بنەمای رێزگرتنی پەیماننامەو بەڵێنەكان دێتە دی پێویستە مسوڵمانان لەلایەن خۆیانەوە پابەندبن بەو گرێبەست و پەیماننامانە ، مەگەر كاتێك ئەوان وادەو بەڵێنەكان بشكێنن.

**پێنجەم/ پاراستنی ژیانیان:**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ژیانی مرۆڤایەتی پاراستوەو هەر جۆرە پەلامار و هەرەشەیەك بۆ سەر ژیانی مرۆڤ بە یەكێك لە تاوانە گەورەكان تۆماردەكرێت. جۆری مرۆڤایەتی هەموو یەك خێزانەو دەستدرێژی بۆ سەر هەر كەسێك دەستدرێژییە بۆ سەر سەرجەم مرۆڤایەتی.

بەپێی زاراوەی سەردەم نامسوڵمانەكان هاوڵاتین لەسنوری دەوڵەتی ئیسلامیداو هەر لەسەدەی یەكەمەوە تا ئەمرۆ مسوڵمانان كۆدەنگن لەسەر ئەوەی كە ئەوان ئەرك ومافیان وەك مسوڵمانان وایەو مەگەر ئەو كاروبارانەی تایبەتن بە ئاین و بیروباوەرەوە ئەوانیش ئازادن لەسەر شێوازی دینداری خۆیان.

**شەشەم/ پاراستنی ماڵ و سامان:**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەستدرێژی كردنە سەر ماڵ و سامانی حەرام كردوە ، هەر جۆرە دەستدرێژیكردنێك لە دزی و لەناوبردن تاوانێكەو سزای لەسەر داناوە .